# شیعری سوێدی



گوننار ئێکێلۆف

1907- 1968

**Gunnar Ekelöf**

**رزگار شێخانی**

له سوێدییەوه

کردوویەتی به کوردی

## دیوان
## لەبارەی میری ئێمگیون

**هەتائێستاش لە قوستەنتینییە دەژیم**
**ئەگەر پێبیگوترێت ژیان**
**میرێکی ئەو هۆزەی کوردانم**
**کە لەسەرەوەی وان لەوەرگەمان هەیە...**

1

گوللەییێکم بۆت لە قالبداوە
بۆئەوەی لە دڵی مندا بتپێکێت
بەردە، بەندکراو تاشیویانە
قوڕقوشمە، لە خوێن هەڵهێندراوە
ئاسنە، لە هەنگوین هەڵهێندراوە
شاخە تاشەی گەورەی
لێتاشراوە
بۆئەوەی زیتر زامدار بکات
بۆئەوەی هەست بکەیت
مردنی خۆشەویستی مانای چییە

دیوان... قەسیدەیەکی درێژە. ساڵی 1965 نووسراوە. باسی میرێکی کورد دەکات، کە لە سەردەمی حوکمڕانی بێزەنتینییەکان، دژیان رادەپەڕێ. دەستگیر دەکرێت و چەند ساڵێک لە قوستەنتینییە بەند دەکرێت، زۆر ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن و دوای ئەوەی کە هەردوو چاوی کوێر دەکەن، ئازادی دەکەن.
ئەم قەسیدەیەم کردووە بە کوردی و لە داهاتوویەکی نزیکدا چاپ دەرێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com